ئەمریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر فرۆشتنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر فرۆشتنی تۆپی 155 ملم و کەرەستەی پەیوەندیداری دیکەی سەربازی بە بەهای 147.5 ملیۆن دۆلار بۆ ئیسرائیل ڕاگەیاند.

فرۆشتنەکە بەپێی بڕگەیەکە کە سیفەتی 'بەپەلە'ی پێدراوە و کۆنگرێس پێداچوونەوەی بۆ دەکات، بە پشت بەستن بە هەمان بڕگەش لە سەرەتای ئەم مانگەشدا فرۆشتنی نزیکەی 14 هەزار گوللەی تانکی 120 ملم بۆ ئیسرائیل کە لە شەڕێکی زۆر وێرانکەردا لە غەززە شەڕی حەماس پەسەندکرا.

ئاژانسی هاریکاری ئاسایشی بەرگری ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندوە، ئیسرائیل داوای هاوکاری زیاتری سەربازی کردوە، بەوەش کۆی تێچوی مەزەندەکراویان لە 96.51 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 147.5 ملیۆن دۆلار زیاددەکات و بڕیارەکەش پێویستی بۆ ئاگادارکردنەوەی نوێی کۆنگرێس هەیە.
ئەنتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی لەوەکردوە، "باری نائاسایی بونی هەیە کە پێویستی بۆ فرۆشتنی دەستبەجێی چەك و پێداویستی سەربازی بۆ حکومەتی ئیسرائیل هەیە"، بەمەش دەستبەرداری مەرجی ئاسایی بو بۆ پێداچونەوە لەلایەن کۆنگرێسەوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، "ئیسرائیل ئەو توانا بەرزەی وەک ڕێگرێک لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ناوچەیی و بەهێزکردنی بەرگریی نیشتمان بەکاردەهێنێت و ئەرکی سەرجەم وڵاتانە کە تەقەمەنی بەگوێرەی یاسا مرۆیی نێودەوڵەتییەکان بەکاربهێنن